Social Security Scotland
Tèarainteachd Shòisealta Alba

# بڕە پارەی کەمئەندامی گەورەساڵان Adult Disability Payment بۆ ئەو کەسانەی کە نەخۆشیی کوشندەیان هەیە

بڕە پارەی کەمئەندامی گەورەساڵ پشتگیری دارایی بۆ کەسێک فەراهەم دەکات ئەگەر ئەو نەخۆشییەکی کوشندەی تێدا دەستنیشان کرابێت.

ئەوە بۆ ئەو کەسانە بەردەستە کە تەمەنیان لەنێوان 16 ساڵ و تەمەنی خانەنشینی دەوڵەتدایە. ئەوان دەتوانن داوا پێشکەش بکەن بەبێ گوێدان بەوەی کە چەندە لەمەوبەر نەخۆشییەکەیان تێدا دەستنیشان کراوە و بەبێ گوێدان بەوەش کە ماوەی چاوەڕوانکراوی مانەوەیان لە ژیاندا چەندە.

### چۆن داوا پێشکەش دەکەیت

ئێمە هەر ئەمانەمان دەوێت:

- فۆڕمێکی کورتکراوەی داوانامەی بڕە پارەی کەمئەندامی گەورەساڵان کە تەنها داوای زانیاری بنەڕەتی دەکات
- پشتڕاستکردنەوەی دەستنیشانکردنی نەخۆشی کوشندە لە دوکتۆر یان پەرستارێکی تۆمارکراوەوە کە سەروساختی لەگەڵ سەرپەرشتیکردن یان دەستنیشانکردنی نەخۆشیی ئەو کەسەدا هەبێت کە تووشی نەخۆشیی کوشندە بووە

ئەو فۆڕمەی کە دوکتۆر یان پەرستارەکە دەبێت پڕی بکەنەوە و بیگێرنەوە بۆ ئێمە هەڵسەنگاندنی دەستگیرۆیی (بەنەفێت)ـە بەگوێرەی فۆڕمی ڕێسا تایبەتەکان لە سکۆتلەند (BASRiS). هەڵسەنگاندنی دەستگیرۆیی (بەنەفێت)ـە بەگوێرەی فۆڕمی ڕێسا تایبەتەکان لە سکۆتلەند (BASRiS) لەلایەن دوکتۆر و پەرستارەکانەوە بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەوە بەکار دەهێنرێن کە کەسێک نەخۆشیی کوشندەیەتی، کە ئەوە بوار بۆ ئێمە دەڕەخسێنێت بۆئەوەی داوانامەکەیان خێرا بکەین.

ئەو کەسەی کە نەخۆشیی کوشندەیەتی دەتوانێت داوای فۆڕمەکە لەوان بکات، یان دەتوانێت داوا لە ئێمە بکات لەبری ئەو داوای بکەین. ئەگەر دوکتۆر یان پەرستارەکەی پێشتر فۆڕمێکی DS1500 یان SR1 یان پڕکردبێتەوە، ئێمە ئەوە پەسەند دەکەین.

### کاتێک ئێمە داوانامەیەکمان بەدەست دەگات

ئەگەر ئەو بەگوێرەی ڕێسا تایبەتەکان شیاو بێت:

- ئەو کەسە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بەرزترین بڕە پارەی ژیانی ڕۆژانە و توانای بزووتن وەردەگرێت
- پارەکە بەردەوام دەبێت بەبێ ئەوەی کە پێویست بە پێداچوونەوە بکات، تەنها لەکاتێکدا نەبێت کە گۆڕانکاری لە هەلومەرجدا هەبێت
- پارەکە لەو ڕێکەوتەوە ئەژمێر دەکرێت کە داوانامەکەیمان بەدەست دەگات یان لەو ڕێکەوتەوە کە فۆڕمی هەڵسەنگاندنی دەستگیرۆیی (بەنەفێت)ـە بەگوێرەی فۆڕمی ڕێسا تایبەتەکان لە سکۆتلەند (BASRiS)دەڵێت نەخۆشییە کوشندەکەی تێدا دەستنیشان کراوە، هەر کامێکیان زووتر بێت. دەتوانرێت خەڵاتەکە بگەڕێندرێتەوە بۆ ڕێکەوتی دەستنیشانکردنی نەخۆشی کوشندە، تا ئەوپەڕی 26 هەفتە پێش ڕێکەوتی پێشکەشکردنی داواکاری.

بڕە پارەکان هەفتانە پێشتر دەدرێن.

### ئایا ئەمە چەندە دەخایەنێت؟

داوانامەکە بەخێرایی بەرەوپێش دەبرێت و لەلایەن ئەو ستافانەی ئێمەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت کە بەتایبەت ڕاهێنانیان پێ کراوە. ئێمە نامەیەک لەگەڵ بڕیارەکەمان دەنێرین.

### وەرگرتنی بیروڕایەکی دووەم سەبارەت بە دەستنیشانکردنی نەخۆشییەک

کەسێک دەتوانێت هەوڵی بەدەستهێنانی بۆچوونێکی دووەم بدات ئەگەر پێی وەها بێت پێویستی پێیەتی. زانیاری زیاتر بەدەست بهێنە دەربارەی پەیماننامەی ماف و بەرپرسیارێتییەکانی نەخۆش لەڕێگەی ڕۆیشتنە سەر **gov.scot/patientcharter**

## پەڕەی زانیاری

**ئایا کەسێک دەتوانێت داوا بۆ هەر دەستگیرۆیی (بەنەفێت)ێکی پەیوەندیدار پێشکەش بکات؟**

ئەو هەروەها لەوانەیە شایستە بێت بۆ دەستگیرۆیی (بەنەفێت)، خزمەتگوزاری یان پشکە پەیوەندیدارەکان. بۆ زانیاری زیاتر، بچۆرە سەر **mygov.scot/benefits**.

**ئەگەر کەسێک لە ڕێکەوتێکی دواتردا نەخۆشییەکی کوشندەی تێدا دەستنیشان بکرێت**

ئەگەر کەسێک ئێستا بڕە پارەی کەمئەندامی گەورەساڵان وەربگرێت و دواتر نەخۆشییەکی کوشندەی تێدا دەستنیشان کرا، دەتوانێت بەخێرایی پەیوەندی بە ئاسایشی کۆمەڵایەتی سکۆتلەندەوە Social Security Scotland بکات بە ژمارە 2222 182 0800. ڕاوێژکارە تایبەتمەندەکانمان دەتوانن یارمەتییان بدەن لەڕێگەی پرۆسەکەوە بەبێ پەلەپەل و بە ئارەزووی خۆیان.

**ئەوان چۆن دەتوانن زانیاری زیاتریان دەستگیر ببێت و داوا پێشکەش بکەن؟**

خەڵک دەتوانن زانیاری زیاتر بەدەست بهێنن و لەسەر ئینتەرنێت داوا پێشکەش بکەن لە **mygov.scot/benefits**. خەڵک هەروەها دەتوانن بەشێوەی کەسی یان لەسەر تەلەفون داوا پێشکەش بکەن یان داوای داوانامەیەکی وەرەقە بکەن بە پۆست لەڕێگەی تەلەفونکردنەوە بەبێ بەرامبەر بۆ **0800 182 2222**

**ئایا کەسێک پێویستی بە پشتگیری دەبێت لە داکۆکیکارێکەوە؟**

خزمەتگوزاری داکۆکیکاری سەربەخۆی ڤۆیس ئەبڵتی VoiceAbility پشتگیری کەسانی کەمئەندام دەکات کاتێک داواکاری بۆ دەستگیرۆیی (بەنەفێت) ـەکانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی سکۆتلەند Social Security Scotland پێشکەش دەکەن. بەبێ بەرامبەر پەیوەندی بە ڤۆیس ئەبڵتی VoiceAbility ـەوە بکە بە ژمارە **1660 303 0300** یان لەڕێگەی سەردانی ئەم ماڵپەڕەوە **www.voiceability.org**.

**خەڵک چۆن دەتوانن پەیوەندیمان پێوە بکەن؟**

بەبێ بەرامبەر تەلەفونمان بۆ بکە: 2222 182 0800

خزمەتگوزاری گواستنەوەی تێکست: 4000 244 0300 18001+ (بۆ ئەوانەی کە گوێیان گرانە)

بەکارهێنەرانی زمانی هێمای بەریتانی: contactscotland-bsl.org

وێبچات: chat.socialsecurity.gov.scot

**فۆلۆی ئاسایشی کۆمەڵایەتی سکۆتلەند**
**(Social Security Scotland) بکە**